## وەزیری مافی مرۆڤ بۆ ڕێوان:

# توندوتیژی بۆتە چاولێکەری جگە لەوەش مەسەلەیەکی خەتەرناکە


ئا/ ریڤان — نەجیبە

لەسەرەتای ئەم مانگەدا وەزارەتی مافی مرۆڤ بەیاننامەیەکی راگەیاند کە تایبەتە بەخستنەڕووی ئاکامە خراپەکانی کوشتنی ژنان کە لەم دواییانەداو بە تایبەت لەسەرەتای ٢٠٠٧ وە پەرەی سەندووە، لەبەیاننامەی ناوبراودا هاتوە "دیاردەی رەشەکوژی ژنان، بەبیانوی پاراستنی شەرەف لەم ماوەیەی دواییدا زۆر لەدەڤەرەکانی گرتۆتەوەو تەشەنەی کردووە، ئەمەش کارەساتێکی دژوارو ترسناکە.." ماوەیەکیش پاش بەیاننامەکە وەزارەتی ناوبراو رایگەیاند کە ژمارەیەك دەستگیرکراو هەن لەسەر کوشتن بەناوی شەرەفەوە لەوانە زیاد لە ٣٠ کەسی لەسلێمانیو ژمارەیەکیش لەهەولێرو دهۆك.

بەیاننامەکەو کاری وەزارەت لەئێستاداو کاری رێکخراوەکان تەوەرە سەرەکیەکانی پرسیارەکانی پەیامنێرانی ڕێوان و وەڵامەکانی بەڕێز دکتۆر شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سەرەتاش وتی "وەك وەزارەت لەم قۆناغەدا ئەرکمان دەستنیشانکردنو راگەیاندنی پێشێلکاریەکانە، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانە".

وەزیری مافی مرۆڤ کە ماوەی ساڵێك زیاترە دەستبەکاربوە، باس لەوە دەکات کە وەزارەتەکەی ئەواندا شەفافیەت پیادە دەکەن لەئاشکراکردنی زانیاریە خەتەرنەکەکانی پەیوەست بەتوندوتیژیەکانی دژ بەئافرەتانو دەڵێت "بەردەوام راپۆرتمان هەیەو کاری جیدی دەکەین بۆ ئەم مەسەلەیە لەرێگەی راگەیاندنەکانەوە، هەروەها لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە رێککەوتوین کە مافی مرۆڤ بخرێتە مەنهەجی خوێندنەوە". وەزیری مافی مرۆڤ لەدرێژەی وەڵامەکانیدا باسی لەگرنگی رێکخراوە ناحکومیەکان کرد، کە هاوکاری و پەیوەندیان لەگەڵ وەزارەتدا هەیە، وتی "دوو مانگ جارێك ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێك رێکخراو کە لەبواری مافی مرۆڤدا لەکوردستان کاردەکەن کۆدەبینەوە، هەروەها راستەوخۆ وەزارەتەکانی دادو ناوخۆو کاروباری ژنان لەپێشێلکاریەکان ئاگاداردەکەینەوە" دکتۆر شوان جەخت لەوە دەکاتەوە کە وەزارەتەکەی سیاسەتی شەفافیەت پەیڕەو دەکاتو هەر لەو روانگەیەشەوە کە ئەو بەیاننامەیەیان راگەیاندووە"توندوتیژی بۆتە چاولێکەری جگە لەوەش مەسەلەیەکی خەتەرناکە، ئەوەش جێگەی نیگەرانیە، ئێمە ساڵانێك روبەڕووی دەسەڵاتێك دەبوینەوە کە توندوتیژی پەیرەو دەکرد، ئێستاش لەکۆمەڵگای ئێمەدا توندوتیژی پیادەبکرێت دەبێت ئێمە کاری بۆ بکەین"، هەروەها وتی "ئێمە لەرێگەی ئەو راپۆرتانەی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردوە، داوامان کردوە چالاکانەو بەچڕوپڕی کاربکەن بۆ ئەو زانیاریانەی کە لەراپۆرتەکاندا ئاماژەمان پێداوە" وەزیری مافی مرۆڤ لەمیانەی وەڵامەکانیداو قسەو باسی لەسەر کوشتنی ئافرەتان رەخنەی لەدەزگاکەی داواکاری گشتی گرتو وتی "ئەگەر خەڵکەکە بەدوای مافی خۆیدا ناروات دەبێت وەزارەتی داد ئەو ئەرکە بگرێتە سەرشانو ئەو دەزگایەی وەزارەت ئەو کارە بکات".

دواجار وەزیری مافی مرۆڤ جەختی لەکاری وەزارەتەکەی کردەوە لەپێناو کەمکردنەوەی توندوتیژی بەگشتیو کوشتنی ژنان بەتایبەتی کە بەڕای ئەو، چەند هۆکارێکی هەیە "کوشتنی ژنان لەدابو نەریتی ئێمەدا هەبوە، هەروەها باڵادەستی دەسەڵاتی پیاوسالاریو خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەهۆکارە سەرەکیەکانی کوشتنی ئافرەتانن" لەکۆتایی قسەکانیشیدا بەحەسرەتەوە وتی "ئەم ئازادییەی ئێستا بەخوێنی شەهیدان هاتۆتە ئارا، هەر خراپ بەکارهێنانێکی ئەو ئازادیەش سوکایەتی کردنە بەخوێنی شەهیدان".



# خیانەتی هاوسەرگیری لەرووی یاسای باری کەسێتیو شەریعەی ئیسلامی



مافناس
ئازاد ئەکرەم مەجید

زۆرجار کە باسی یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە ( ١٨٨ )ی ساڵی ١٩٥٩ دەکرێ خەڵکی ئاسایی پێیان وایە کە ئەم یاسایەو سەرچاوەی حوکمەکانی ئەم یاسایەو، بابەتە یاساییەکانی هەموو لەشەریعەتی ئاینی ئیسلام وەرگیراوە، بەڵام ئەگەر بەوردی ئەم یاسایە بخوێننەوە، وە توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم یاسایە سەرچاوەکەی تەنها ئاینی پیرۆزی ئیسلام نیە، بەڵکو چەند ئیعتبارێکی خێڵەکیو سیاسی کاریان لەیاسادانەری عێراقی کردووە بۆ دانانی ئەم یاسایە. بەڵگەش بۆ ئەم قسانەمان ئەو بڕگە یاساییانەیە کە لەم یاسایە سەرچاوەیان گرتووە، بۆ نمونە بڕگەی یاسای ژمارە (٤٠) و ( ٤٤). وە بەپێی بڕگەی یاسایی ( ٤٠) چەند هۆکارێك دانراوە بۆ جیابونەوە بۆ ژنو مێرد، وە یەکێ لەو هۆکارانە خیانەتی هاوسەرگیرییە، بەبیروبۆچوونی ئێمە ئەم بڕگەیە روویەکی زۆر ئیجابی هەیەو یاسادانەرانی عێراقی زۆر سەرکەوتوو بوونی لەداڕشتنی ئەم بڕگەیە، چونکە پەیوەندی هاوسەرگیری یەکێکە لە پەیوەندیە پیرۆزەکان، دەبێتە دروست بوونی کۆمەڵگای دروست، ئەگەر ئەم پەیوەندییە دروست بوو وە دوور بوو لەخیانەتی یەکێ لەلایەنەکانی ئەم پەیوەدییە دەرهەق بەلایەنی بەرامبەر، دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی دروست.

بەڵام کاتێ کە دەگەڕێنەوە بۆ بڕگەی یاسای ژمارە (٤٤) لەهەمان یاسادا دەبینین چەند رێگایەك دانراوە بۆ چەسپاندنی ئەم هۆکارە، واتا چەند رێگایەك دانراوە کە یەکێ لەهاوسەرەکان ژن بێت یاخود مێرد، کە دەتوانێ پشتی پێ ببەستی بۆ چەسپاندنی ئەم خیانەتە، لەوانە شایەتی دانە، هەتا ئەگەر هاتوو شایەتەکان بەچاوی خۆیان ئەم خیانەتەیان نەبینی بێت، ئەوا دەتوانن شایەتی بدەن، چونکە بەپێی ئەم بڕگەیە شایەتەکان مەرج نیە ئەم خیانەیان بینیبێت، بەڵکو تەنها ئەوەیان بیستبێت کە یەکێ لەهاوسەرەکان خیانەتیان کردووە، ئەوە لەم حاڵەتە ئەم بیستنە کافیە بۆ چەسپاندنی ئەم خیانەتە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ حوکمەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەبینین، مەرجی ئەوە دانراوە لەسەر هەر پیاوێك کە ئیدیعای ئەوە دەکات کە خێزانەکەی یاخود هاوسەرەکەی خیانەتی زەوجی لێکردووە، دەبێت چوار شایەتی هەبێت، ئەم شایەتانەش دەبێت بەچاوی خۆیان ئەو خیانەیان بینی بێت، نەك تەنها بەبیستن، هەروەك چۆن لەسورەتی (النسا ) هاتووە لەقورئانی پیرۆز (والتی یأتین الفاحشه من نساوکم فاشهدوا علیهن اربعه منکم).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاینی ئیسلام تەنها سەرچاوەی یاسایی باری کەسێتی عێراقی نیە، بەڵکو چەند ئیعتبارێکی سیاسیو خێڵەکی کاریان لەیاسادانەرانی عێراقی کردووە، بۆ دانانی بڕگە یاساییەکانی یاسای باری کەسێتی عێراقی.

# شوقەکانتان بۆ کێن؟؟

کێو

دەکرێ بڵێین کێشەی نیشتەجێ بوون یەکێکە لەو کێشە گەورانەی ئەم وڵاتە کە ڕەنگە بڕوامان بەوە نەبێت بە ئاسانی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە بەو پێیەی کە ساڵانێکە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم کێشەیە لە تەشەنەکردن و ئاڵۆز بووندایە و لایەنێکیش نیە بەڵێنەکان بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە بباتە خانەی جێبەجێ کردن، وەك دەبینرێت بەدەیان پڕۆژە هەبوون بۆ ئەو مەبەستە بەلام زۆرینەیان سەرکەوتوو نەبوون و ئەوانەشی کە سەرکەوتوو بون بەشێوەیەکی یەکسانی تەسەروفی پێوە نەکراوە.

ئەوەی زیاتر لەم بابەتە مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر پاڵپشتی کردنی حکومەتە لە کەرتی تایبەت کە سالانە بە هەزاران دۆنم زەوی دەبەخشرێت بە کەرتی تایبەت جگە لە زەویە بازرگانیەکان ئەو زەویانەی بۆ نیشتەجێبوون دەدرێنە ئەو لایەنە کە حکومەت پێیوایە بەم شێوەیە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەی نیشتەجێبون دەدۆزێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەم جۆرە کارکردن و خوێندنەوەی حکومەت تەنها لە بەرژەوەندی کرێنشین و کەم دەرامەت و فەرمانبەرە مامناوەندیەکاندا نیە لەکاتێکدا کۆمەڵك شوقەی نیشتە جێبوون بە پارەی خەڵك و زەوی ئەو وڵاتەی کە هی هەموومانە دروست دەکرێت و ناوی دەنرێت (شاری خەونەکان) و بە سەدان هەزار دۆلاریش دەفرۆشرێت کە تەنها یەك شت بە ڕاست دەبینرێت لەم پرۆژەیە ئەویش ناوەکەیەتی شاری خەونەکان بەحەق ئەم ناوە پڕ بە پێستی خۆیەتی بۆ ئێمەو مانان خۆ ئەگەر تەمەنمان لە دووسەد ساڵیش تێپەڕێت بەو مووچەیەی کە حکومەت پێماندەدات ناتوانین بە میوانیش بچینە ئەو شوقانە کەواتە هەر ئەبێ خەونی پێوە ببینین، لەچەند ڕۆژی ڕابردوو شاهیدی کڕینی یەکێك لە شوقەکانی سلێمانی بووم کە هاوڕێیەکم بە بڕی سەدو پەنجاو دوو هەزار دۆلار کڕا کە کڕیار خانوەکەی خۆیشی بە بڕی ١٨٠٠هەزار و هەشت سەد دۆلار دایەکرێ.

بۆیە دەبێ لە حکومەتی هەرێم و بەتایبەتیش دەزگای هاندانی وەبەرهێنان بپرسین پڕۆژەی نیشتەجێبوون بۆ کێ دەکەن کێ لێی سودمەندە ئێمەی کرێچی یان ئەودۆڵەمەندانەی خاکی ئێمەیان پێدەدەن و خوێن و سەرمایەی ئێمەیان دەخەنە بەردەست و ئەوانیش بەدووقاتی نرخی پاریس و ئیستانبوڵ فرانکفۆرت پێمان دەفرۆشن ئیتر شوقەکانتان بۆ کێن بۆ ئێمەی ژێردەستی ئێوە یان!